# شیكردنەوەی سیناریۆیەك مەریوان و كۆمەڵ

ئاوات ئەحمەد

ئەمە خوێندنەوەیەكی خۆمە بۆ بەشێك سیناریۆی گەمەی نێوان عەلمانیەت و ئیسلام, لەوانەشە لە هەندێك بەشیدا باش بۆی نەچووبم, وەلێ بەو شێوەیە بێت كە من باسمكردووە یان نا, ئەوە شتێكی حاشا هەڵنەگرە كە گەمەیەكی ناشرین لە نێوان بەشێك لە عەلمانییەت و بەشێك لە ئیسلامی ئەم وڵاتەدا هەیەو تاكە قوربانییش لە نێوانیاندا ئازادیی بیروڕاو بیركردنەوەیە كە هەردولایان ( بە ڕێگای جیاواز ) پێشێلیانكردووە.

ماوەیەك لەمەوبەر عەلمانییەت خاڵێكی زۆر دزێوی بۆ خۆی تۆماركرد , مەبەستم لە ڕووداوی گرتنی دكتۆر كەما سەید قادرە , بەو كردەوەیە عەلمانییەت پێی وتین, كە بۆچوونی ئەو , نووسینی ڕەخنەیی خەتەری زیاترە لە سەربڕینی جەستەیی ( وەك بەراوردێك لە نێوان كاردانەوەیدا بەرامبەری دكتۆر كەمال و شێخ زانادا ) .

بەو كردەوەیە تابلۆ ناشرینەكەی عەلمانییەت چووە ئاستێكی دیكەوەو بەشێك لەو دروشمانەی پووچەڵكردەوە كە لە سەردەمێكی پێشووتردا هەر خۆی بەرزی كردبوونەوە. عەلمانییەت بە كاوەخۆ دادگایی كەسێكی خوێنڕێژی وەك شێخ زانا دەكات, بەڵام بە پەلەپروزێ دكتۆرێكی وەك كەما سەید قادر تاوانبار دەكات ( لێرەشدا سیناریۆیەكی دیكە هەیە بۆ گرتن و دادگاییكردن و ئەگەری ئازادكردن و ناچاركردنی دكتۆر بەوەی پاكانە بكات) .

ئەوەی سەرەوە تەنها بۆ بیرهێنانەوە بوو, چونكە من لێرەدا نامەوێت دەربارەی ئەو بابەتە بدوێم, بەڵكو مەبەستی من ڕووداوێكی تازەترە كە ئەمجارەیان ئیسلام لە پێشەوەی دیمەنەكەدایە : تاوانباركردنی مەریوان هەڵەبجەیی .

سەرنجێك لە سیناریۆی ڕووداوەكە

هەڵەبجەیی كتێبێكی بەپەلەی شپرزە دەنووسێت و ڕەخنە لە ڕەوشی ژن دەگرێت لە ئیسلامدا. ئەم كتێبە لە چەند ڕوویەكەوە لاوازە : بە ڕاشكاویی دیارە كە نووسەرەكەی عەرەبییەكی زۆر خراپ و كوردییەكی خراپ دەزانێت, پاشانیش شتێكی ئەوتۆ دەربارەی میتۆدی لێكۆڵینەوە نازانێت و دواجاریش شارەزایی لە ئیسلامدا نییە یان كەمە. ڕاستەوخۆترین ڕەخنەیەك لەو كتێبە بیگرین ئەوەیە بە پێوەرەكانی سەردەمی مۆدێرن, چەمك و نەریتەكانی سەردەمی كلاسیكیی ئیسلام هەڵدەسەنگێنێت.

هەڵەبجەیی كەسی شیاو نییە بۆئەنجامدانی ئەمكارە , چونكە خاوەنی ئەو ئامرازە هزرییانە نییە كە كارێكی ئاوای پێ ئەنجامبدرێت.

پرسیارەكە ئەمەیە : بۆچی هەڵەبجەیی لە پاڵ نزمیی ئاستی تواناكانیشیدا ئەم كارە دەكات ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ خوێنەر.

كە زەمینەی سیاسیی ئیسلامیەكانی كوردستان بەرەو باشبوون چووە ( دیارە لەبەر ئەوە نا كە هەنگاوی باشیان ناوەو زیاتر لە بەها مۆدێرنەكان نزیكبوونەتەوە , بەڵكو لەبەر ئەوەی نەیارەكەیان ( عەلمانییەت ) هەنگاوی زۆر خراپی ناوەو لە بەها مۆدێرنەكان دووركەوتۆتەوە ) .

باشبوونی زەمینەی سیاسییان لەوەدا ڕەنگیدایەوە كە لە دوو هەڵبژاردنی ڕابردوودا ڕێژەیەك دەنگیان هێنا, كە خۆیان لە هەموان باشتر دەزانن, ئەوە قەبارەی ڕاستەقینەی ئێستایان نییە, بەڵكو بەشێكی ئەو قەبارەیە لە خەڵكانێكەوە هاتووە كە عەلمانییەتی خراپ پیادەكراو زیزبوون و بە دوای گۆڕانادا دەگەڕێن.. واتە خەڵكێكی هۆشیار بیری لە بەشی دووهەمی گەمەی هەڵبژاردن كردۆتەوە : هەڵبژاردن بە تەنها هەر ئەوە نییە كە هەوڵ بەدەیت پاڵێوراوێك بە ڕەهایی دەربچێت , بەڵكو لە حاڵەتێكدا كە دەرچوونی ئەو پاڵێوراوەی تۆ پێی ڕازی نیت شتێكی یەكلاییكراوەیەو هەر دەردەچێت , ئەوا دەتوانیت هەوڵبدەیت دەرچوونە ڕەهاكەی بكەیت بە

دەرچوونێکی ڕێژەیی , واتە لە بری ئەوەی هەڵوێستی خۆت بە دەنگنەدان دیاریی بکەیت , بچیت دەنگ بدەی بە نەیارەکەی .
عەلمانییەت زوو لەم وەرچەرخانە تێگەیشت , وەلێ لەبەر ئەوەی عەلمانییەت ناتوانێت بۆ وەرگرتنەوەی متمانە پلانی ( ا ) بەکاربهێنێت و خۆی جوان بکات , هانای بردە بەر پلانی ( ب ) کە ئەویش بریتییە لە ناشرینکردنی نەیارەکەی . ئەو هەوڵە لە سیناریۆکەی هەڵەبجەییدا بە ڕاشکاویی دەبینرێت : بە هاندانی عەلمانییەت و ( لەوانەشە بە مەسرەفی ئەو ) ئەو کتێبە چاپکراو لای خۆیەوە ژمارەی سپاردنی پێبەخشراو خرایە بازاڕەوەو چاوەڕێشیکرد بزانێت کاردانەوەکان چۆن دەبن , تا بە پێی ئەوان هەنگاوی دواتری بنێت .. مەسەلەی ئەوەش کە بۆچی عەلمانییەت ناتوانێت پلانی (ا ) جێبەجێ بکات , مەسەلەیەکی گرفتاوییەو کۆمەڵێك هۆکاری هەیە , کە سەرەکیترینیان ئەوەیە کە کادرەکانی عەلمانیەت , خۆیان عەلمانیی نین , بەو پێیەش هەر هەوڵێك بۆ خۆ جوانکردن لەسەر حیسابی ئەو کادرە ناعەمانییانە تەواو دەبێت کە هۆی سەرەکیی ناشرینکردنی ئەو بەرەیەن .
دوای مایەك بێدەنگی هیچ کاردانەوەیەکی ئەتۆ نەبوو جگە لە چەند مەلایەك کە کەمیان سەر بە لایەن ئیسلامییەکان بوون و لە مینبەری مزگەوتەکانەوە هەندێك قسەیان کرد .. کات تێدەپەری و ئەوەش لە خزمەتی عەلمانییەتدا نەبوو , چونکە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە نزیکبوونەوەدایە , بۆیە هانای بردە بە پلانی ( ج ) : یەکێتی زانایانی ئیسلامی سەربە عەلمانییەت – لقی شارەزوور , جێی خۆیەتی بپرسین , بۆچی لقی شارەزوور ؟
بۆچی لقی سلێمانی یان سکرتارییەت نا ؟ لێرەدا عەلمانییەت دەیەوێت پێمانبڵێت : ئێمە ڕێز لە بۆچوونەکانی هەڵەبجەیی دەگرین , وەلێ شارەزوور ناوچەیەکی عەشایەرەو دواکەتووەو خەڵکەکەی ناچاریکردوون بە ناچاریی ئەو کارەیان کردووە , ئەوەتا لەو یاداشتنامەیەدا کە بۆ تاڵەبانی و بارزانی بەرزیانکردۆتەوەو دەقەکەی لە لاپەڕە ( 3 ) ی هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە ( 257 ) دا بڵاکراوەتەوە , دەڵێن " جەماوەر فشارێکی زۆری خستۆتە سەرمان بۆ نواندنی هەڵوێست "
بەمجۆرە عەلمانیەت پرۆژەکە لە کۆتایی نزیکدەکاتەوەو خۆی شکات لەو کتێبە دەکات کە هەر خۆی ڕێگەی پێداوە. هەڵبژاردنی تەوقیتەکە زۆر لە جێی خۆیدا بوو , چونکە هاوکات ڕۆژنامەیەکی دانیمارکی سوکایەتیی بە پەیامبەری ئیسلام کردبوو , پەیوەندیی نێوان ئیسلام و خۆرئاوا گرژیی تێکەوتبوو.
ئەمجارەیان کۆمەڵی ئیسلامی کێشکرا بۆ ناو تەڵەکە , کۆمەڵ لە ژمارەی ( 208 ) ی هەفتەنامەکەیدا ڕێپۆرتاژێکی کردووەو لایەنگیری خۆی بۆ سیناریۆکە ڕاگەیاند. ئەم کارەی کۆمەڵ کە بۆ ئیسلامییەکان هاتۆتە پێشەوە تا بە جەماوەری بسەلمێنن , ئەوان مۆدێرنن , بەرپرسی ڕێپۆرتاژەکە لە کۆتاییدا دەنووسێت " نووسەر پشتئەستوورە بە نووسینەکانی , سوکایەتیی و تەشهیرەکانی بە ڕوونی دیارن" ئەم وشانە ئەوەندەی خزمەتی سیناریۆکە دەکەن, ئەوەندەش بێئاگایی نووسەرەکەی ڕادەگەیەنێت .
شتێکی دیکە هەیە کە ئاماژەی پێبکەین : ڕۆژی دووشەممە ( 6-2 ) خۆپیشاندانێك لەلایەن ئاسایشەوە ڕێگەپێنەدراو دژ بە هەڵەبجەیی و چەند نووسینێکی کاریکاتێریی بڵاوکرایەوەو کەسێك بە ناوی گروپێکەوە کە بە ( شەبەنگ ) ناساندو بە ئاژانسی هەواڵی ( دەنگەکانی عێراق ) ی سەربەخۆی وت " گروپی شەبەنگ ئەم خۆپیشاندانەی ڕێکخستووە کە گروپێکی خوێندکارییەو خۆی بەبەشێك لە کۆمەڵگای ئیسلام دەزانێت " . دەمەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشم کە ئەگەر ئەوە درێژەدان بە سیناریۆکە نەبوایە , هەرگیز ئاسایش ڕێگەی نەدەدا خۆپیشاندانێکی بێمۆڵەت سازبکرێت. لێرەدا پرسیاری ئەوەش دەکرێت , ئایائەو گروپە سەر بە کۆمەڵی ئیسلامییە یان کۆمەڵگای ئیسلامیی ؟ لێوونی ئەم دوو ناوە ڕێکەوتە , یان مەبەستی لە پشتەوەیە ؟

ئیسلامییەکان چی بکەن ؟

کتێبەکەی هەڵەبجەیی زۆر سانایی وەڵامیدەدرێتەوە , کتێبێکی دەمکوتکەر نییەو زەبرێکیش نییە بۆ سەر ئیسلام , لە ڕاستیدا کتێبگەلێکی وەك فرۆید و شەیتانییەکانی سەلمان ڕوشدی و گەلێکی دیکەش نەیانتوانیوە جێگە بە ئاین بە گشتی و ئیسلام بە

تایبەتی لەق بکەن.

ئیسلام لە مێژووی خۆیدا دوو سەرووەریی زۆر گەورەی بۆ خۆی تۆمارکردووە؛ یەکەمیان بە کۆیلەکردنی مرۆڤ بۆ مرۆڤی هەڵوەشاندەوە ( یان هەر هیچ نەبێت بێزراندی ) و مرۆڤەکانی هەموو کرد بە کۆیلەی سەرووەرێکی باڵاتر کە لە پاڵ داواکارییەکانیدا پاداشتیشی هەیە.

دووهەمیش ئافرەتی لە قۆناغێکی نزمەوە گوێزایەوە بۆ قۆناغێکی بەرزتر . ئەو دوو سەرووەرییە لەسەردەمی خۆیاندا وەکو شۆرشێك وابوون ( گەرچی ئێستا کۆن بوون , بەڵام ئەوە قەیرانێکە دەبێت ئیسلامییەکان خۆیان چارەسەری بکەن , چۆنیش ئەو کارە دەکەن , ئەوە خۆیان دەزانن ) .

ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە زۆر بە سانایی ئەو کتێبەی هەڵەبجەیی پووچەڵدەکرێتەوەو پێویستی بەو هەڵاو هەنگامەیە نییە , کە خەریکە کۆمەڵی ئیسلامیی دەبێت بە بەشێکی و لە ئاکامیشدا جەماوەرە لە عەلمانییەت تووڕەکە بە دیاریی پێشکەشی عەلمانییەت دەکاتەوەو دیسانەوە تووشی ئەو تەنگەشەیەمان دەکات کە لە نەوەتەکاندا تێی کەوتبوون , وەك وتمان وەڵامدانەوەی ئەو کتێبە زۆر ئاسانە وەلێ ئەو کارە بەو مەلایە ناکرێت کە لە ڕێپۆرتاجەکەی کۆمەڵدا دەڵێت " داوا لە شێخ موحەممەد بەرزنجی دەکەم کەلەسەر قسەی ئەو دەنگمان بە لیستی ( 730 ) داوە ئەم کتێبە بگەیەنێتە لای مام جەلال و کاك مەسعود ... ,, ئەم قسەیە ئەوەندە ساویلکانەیە کە پێویستی بە هیچ شیکردنەوەیەك نییە , ئەم مەلایە یاخۆی بە ڕاستی لە سیاسەتدا کۆڵە , یاخود بەشێکە لەو سیناریۆیەی شیمانکردەوە .

ئەمە باشترین دەرفەتە بۆئەوەی ئیسلامییەکان ئەو سیناریۆیە پووچەڵبکەنەوە کە لە ڕابردوودا چەند بەشێکی دیکەشی ڕوویداوەو هەرگیز دەرهاویشتەکانی بە قازانجی ئیسلام نەکەوتونەتەوە, وەلێ ڕووداوەکان واناگەیەنن کە ئیسلامییەکان سوودیان لە هەڵەکانی ڕابردوویان وەرگرتبێت ..

لەم ساتەدا جگە لە یەکێتی زانایانی ئیسلامی سەر بە عەلمانییەت , یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوەش لەناو دیمەنەکەدان .

هەرچۆنێك بێت ئەگەر ئیسلامییەکان پێشئەوەی هەڵوێستی یەکجارەکیی خۆیان وەربگرن , دەتوانن کەمێك بیربکەنەوە , سەرەنجام بەشداریی دادگایکردنی هەڵەبجەیی بکەن و دەتوانین ناوی بنێین پلانی ( د ) :

لەسەر ئەرکی خۆیان پارێزەرێك بۆ هەڵەبجەیی بگرن تا ( داکۆکیی ) لێبکات و پێمان بڵێن ئێمە جیاوازین لە عەلمانییەت کەلە بەرامبەر چەند وتارێکدا کە هێرشی بۆ سەر چەند کەسێك تێدایە , لە دادگایەکی چارەکە سەعاتیدا , سزای ( 30 ) ساڵ زیندانییکردن بە سەر نووسەرێکدا دەدات. ئێمە نامانەوێت هەڵەبجەیی زیندانیی بکرێت , ئەو کتێبێکی نووسیوەو ئێمەش کتێب دەنووسین , نووسەرمان هەیەو شارەزای باشمان هەیە , وەڵامی کتێب بە کتێب دەدەینەوە.

ئەگەر ئیسلامییەکان ئەو کارەیان کرد , هەم سیناریۆکە هەڵدەوەشێننەوەو هەم سەرووەرییەکی زۆر گەورە بۆ خۆیان تۆمار دەکەن و زەبرێکی گەورەش لە عەلمانیەیت و لە مۆدێلە کوردییەکە دەوەشێنن. ئەگەر بشکەونە ناو تەڵەکەوە , ئەوا سودێکی باش بە عەلمانیەت دەگەیەنن و زیانێکی گەورەش لە خۆیان دەدەن و ڕەنگدانەوەی ئەو زیانانەش لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا بە ڕشاکاویی دەردەکەوێت, ئەمە جگە لەوەی خزمەتێکی باشی هەڵەبجەیی دەکەن و دەیکەن بە ڕوناکبیرو ڕشنبیرێکی گەورەی گەلەکەمان کە خۆی لە ڕاستیدا وا نییە.